# کۆمەڵناسی

**نووسەر:** ئەنتۆنی گیدنز (Anthony Giddens)

کۆمەڵناسی تێڕوانینێکی دیار و فرەڕوونـاکبیرانە دەربـارەی هەڵسوکەوتی مـرۆڤ پێشکـەش دەکـات. فێربوونی کۆمەڵناسی، واتە ڕەهاکردنی ڕوونکردنەوە کەسییەکان سەبارەت بە جیهان و، تێفکرینە لەسەر ئەو کاریگەرییە کۆمەڵایەتییانەی کە ژیانمان پێك دێنن. کۆمەڵناسی ڕاستەقینە ئەزموونی تاکەکەس ڕەت ناکاتەوە، یانیش بە کەمی سەیر ناکات، بەڵام بە دروستبوونی هەستەوەرییەك سەبارەت بە جیهانێکی بەرفراوان لـە چالاکیی کۆمەڵایەتیدا کەوا هەمووموومان تێیدا دەست و پەنجە نەرم دەکەین، هۆشیارییەکی قووڵترمان دەربارەی تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکان و خۆمان و کەسانی تر پێ دەبەخشێت.

ئەمڕۆ ئێمە لە دونیایەکدا دەژین کە بەتوندی نیگەرانکەرە و، لە هەمان کاتیشیدا پڕە لە مـوژدەگەلێکی سەیروسەمەرە بۆ داهاتوو؛ ئەو دونیایەی، یەکەم: شەپۆلی گۆڕانکارییەکان شڵەقاندوویەتی. دووەم: لە جەنگێکی ناوکیدا تۆقیوە. سێیەم: ڕووبەڕووی هێرشە وێرانکەرەکانی تەکنەلۆژیی نوێ بۆتەوە سەبارەت بە ژینگەی سروشتی.

"ئەنتۆنی گیدنز"، پرۆفیسۆر و کۆمەڵناسی نـاوداری بریتـانی، لە سـاڵی 1938 لـە "ئێدمۆنتۆن"ی لەندەن لەدایك بووە. زیاتر لە 34 کتێب و 200 توێژینەوەی زانستیی بڵاو کردۆتەوە کە زۆربەیان وەرگێڕدراونەتە سەر زمانە جیاوازەکانی جیهان و وەکوو سەرچاوە و کتێبی زانکۆیی لە زانکۆکانی جیهاندا دەخوێندرێت. "گیدنز" بڕوانامەی دکتۆراکەی لە زانکۆی کامبریج وەرگرتووە. هەروەها لە ساڵی 1997 تاکوو ساڵی 2003 سـەرۆکی "قوتابخـانەی زانسـتە ئـابووری و سیاسـییەکانی لەنـدەن" (LSE) بـووە. چەنـدین سـاڵ ڕاوێژکاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی بریتانیا، "تۆنی بلێر" بووە و پاشان بۆتە ئەندامی ئەنجومەنی لۆردەکانی بریتانیا. هەروەها جێگەی ئاماژەیە کە بێجگە لە کۆمەڵناسی، "گیدنز" لە بوارەکانی مرۆڤناسی و سیاسەت و ئابووری و فەلسەفە و مێژوو و دەروونناسی و...، خاوەنڕایە.

کتێبی کۆمەڵناسی (Sociology)ی "گیدنز" گشتگیرە و ناوەڕۆکەکەی دوایین لێکۆڵینەوە و پێشکەوتنەکانی ئەو زانستە بەخۆوە دەگرێت؛ لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی ڕەوان و پاراو و سەرنجڕاکێش نووسراوەتەوە و بە هێنانەوەی نموونەگەلێکی ئەزموونی لەسەر کۆمەڵگە و فەرهەنگە جۆراوجۆرەکان، تێگەیاندنی بابەتەکانی بۆ قوتابیانی زانکۆ ئاسان دەکات. دەوڵەمەندیی ئەم کتێبە لە ڕووی ئەو باس و بابەت و توێژینەوە گرنگانەی باسی سەرەکیی کۆمەڵناسین، وای لەم کتێبە کردووە نەك تەنیا لە لایەن قوتابیانی بەشی کۆمەڵناسیی زانکۆ و بەشێك لـە بەشـەکانی تری زانسـتی کۆمەڵایەتی، بەتایبەت مرۆڤناسی بەکار دەهێنرێت و سـوودی لـێ وەردەگیرێـت، بەڵکوو دەتوانێت وەکوو کتێبێکی سـەرچاوەیش هەمیشـە لەبەردەسـت قوتابیـانی زانکـۆ، لێکۆڵـەرەوان و ئـەو بەرنـامەداڕێژەر و بەڕێـوەبەرانەدا بێـت کـە لـە بـوارە جۆراوجۆرەکانی پـەروەردە و توێژینەوە یاخود کاروباری کۆمەڵایەتیدا چالاکی دەنوێنن.

لە تایبەتمەندییەکانی تری دەتوانین ئاماژە بە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان بکەین؛ واتە نەك بەتەنیا وڵاتە پیشەسازییەکانی ئەوروپای ڕۆژاوا و ئەمریکا دەخاتە بەر باس- هەرچەند ئەمانە وەك

ئەو وڵاتانە هەژمار دەکرێن کە لە کتێبە کۆمەڵناسییەکاندا باسیان دەکرێت ـ بەڵکوو کۆمەڵگەی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و بەتایبەت وڵاتە کەمتر پێشکەوتووەکانی جیهانی سێیەمیش دەخاتە بەر باس و زۆربەی کات ئەو کۆمەڵگەیانە واتە "کۆمەڵگەی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و وڵاتە کەمتر پێشکەوتووەکان" هەر لە بنەڕەتدا یان پشتگوێ دەخرێن و یانیش بەشێك لەو بابەتانەیان کە لە کتێبەکانی تایبەت بە بواری کۆمەڵناسییەوە باس دەکرێن ئەوا کەمتر لە گۆشەنیگایەکی فراوان و لە بوارێکی گشتیی مێژوویی پەرەسەندن و پێگەیشتنی کۆمەڵایەتییەوە ڕەچاو دەکرێن؛ ئەو کۆمەڵگەیانەی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و وڵاتە کەمتر پێشکەوتووەکان بە وڵاتێکی هەژار و دواکەوتوو سەیر دەکرێن کە بەتەواوی لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکان جیاوازن. "گیدنز" ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆ کۆمەڵگەکانی جیهانی سێیەم بەڕاست نازانێت و باوەڕی وایە کە ئەم کۆمەڵگەیانە لە کۆنەوە پەیوەندییان لەگەڵ وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا هەبووە؛ ئەم پەیوەندییەیش بەرانبەر بووە. بە گوتەی گیدنز کۆمەڵگەکانی جیهانی سێیەم لەژێر کاریگەریی کۆلۆنیالیزم و ئەو پەیوەندییە بازرگانییانەوە دروست بوون، کە لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژاوادا هەیانبوو و ئەو پەیوەندییانەی ڕۆژاوا لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا دروستی کردوون بە نۆرەی خۆیان کاریگەرییەکی بەهێزیان لەسەر پەرەسەندن و گۆڕانکاریی خودی ڕۆژاوا هەبووە.

لە تایبەتمەندییە بەرجەستەکانی تری ئەم کتێبە، بایەخدانییەتی سەبارەت بە بابەتەکانی وەکوو: ناهاوسەنگییە کۆمەڵایەتییەکان، ڕەگەزپەرستی، جیاوازیی تەمەن و جیاوازیی نێوان ژن و مێرد. هەروەها ئەو بایەخدانە تایبەتییەیە کە کتێبی کۆمەڵناسیی "گیدنز" سەبارەت بە دیاردەی بەجیهانیبوونی ژیانی کۆمەڵایەتی داویەتی، ئەم تێڕوانینەی کە دەڵێ "دەتوانین کۆمەڵگەکان وەکوو یەکە جیاوازەکان ڕاڤە بکەین"، ماوەیەکی زۆر بەسەر هزری کۆمەڵناسیدا زاڵ بوو. بە ڕای گیدنز بابەتەکانی وەکوو: پیسبوونی ژینگە، مەترسیی جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی، نایەکسانییەکانی سەروەت و سامان و دەسەڵاتی نێوان کۆمەڵگە دەوڵەمەند و کەمدەرامەتەکان، پانتایەکی جیهانییان هەیە. هەروەها زۆربەی دیاردە نوێیەکانی تری وەکوو: بەجیهانیبوونی میدیاکان و گەشەسەندنی سیستەمی جیهانیی زانیارییەکان لە ئەنجامی پێشکەوتنی پەیوەندییە ئەلکترۆنییەکان و مانگە دەستکردەکان و، هەروەها بابەتەکانی تری وەکوو: ئیمپریالیزمی هەواڵ، گەشەکردنی کۆمپانیا گەورەکانی فرەنەتەوەیی، فراوانبوونی تۆڕە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان و هتد، بە هەمان شێوەیە.

شەش بەشی ئەم کتێبە، بوارە گشتییەکانی کۆمەڵناسی بە شێوەیەکی بەرفراوان دەخاتە بەر توێژینەوە. بەشی یەکەم، بریتییە لە فەسڵی یەکەم کەوا بابەتە سەرەکییەکانی ئەم بەشە باس دەکات.

بەشی دووەم، لەسەر فەرهەنگی کۆمەڵگە و تاك چڕ کراوەتەوە کە پەیوەندیی بەرانبەری نێوان کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەزموونی تاکەکەسی، شی دەکاتەوە، ئەویش بە ڕەچاوخستنی بابەتی "سێکسی" وەکوو بابەتێکی گشتی. فەسڵەکانی تری ئەم بەشە بریتین لە: فەرهەنگ، سەرهەڵدانی جۆرە جیاوازییەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی، بەکۆمەڵایەتیبوون، کاردانەوەی بەرانبەری کۆمەڵایەتی لە ژیانی ڕۆژانەدا ـ هاوسۆزی و تاوان و تاوانکاری.

بەشی سێیەم، بابەتە نایەکسانییەکان، دەسەڵات و توانا و ئایدیۆلۆژی، خراونەتەوە بەر توێژینەوە و، چەندین بواری بنچینەییی کۆمەڵناسی لێرەدا باسیان لێوە کراوە وەکوو: قۆناغبەندی، نەتەوە و ڕەگەز، گرووپ و ڕێکخراوەکان، سیاست و دەوڵەت و سەرباز و جەنگ.

بەشی چوارەم، باس لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەکات و کاریگەریی ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییانە شی دەکاتەوە، کە لەسەر بوارە سەرەکییەکانی هەڵسوکەوتی مرۆڤدا دەینوێنن. فەسڵەکانی ئەم بەشە پەیوەندییان بە: هاوسەرگیری و خێزان، ڕاهێنان و فێرکردن و ئامرازەکانی پەیوەندیی گشتی، کار و ژیانی ئابوورییەوە هەیە.

بەشی پێنجەم، ئەو فەسڵانە لەخۆ دەگرێت کە تێیدا بە پێداگیرییەکی تایبەت باس لە بابەتی گۆڕانکاری دەکات و بابەتەکانی: بەجیهانیبوون، پەرەگرتنی شارەکان- لەشساغی و پیربوون، شۆڕش و بزاڤە کومەڵایەتییەکان دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە. ئەم بەشە بە باسێك لە گۆڕانکاریی گشتیی کۆمەڵایەتیدا کۆتایی دێت.

لە بەشی شەشەمی کۆتاییی ئەم کتێبەیشدا، ئەو لێکۆڵینەوە و بۆچوونانەی لە کۆمەڵناسیدا بەکار دێن، دەخرێنە بەر باس. ئەگەرچی ئەم بابەتە لە کۆتاییی کتێبەکەدا باس کراوە بەڵام دەتوانێت لە هەر قۆناغێکدا بۆ شرۆڤەکردن و خوێندنەوە کەڵکی لێ وەربگیرێت.

ئەم کتێبە لە پێشەکی و شەش بەشی سەرەکی و بەشێکی کۆتایی (پاشکۆ) و بیست و دوو باس(فەسڵ) پێك هاتووە:

بەشی یەکەم: لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بە کۆمەڵناسی

1- کۆمەڵناسی: بابەت و تێڕوانینەکان

بەشی دووەم: فەرهەنگ، تاك و کارلێکی بەرامبەری کۆمەڵایەتی

2- فەرهەنگ و کۆمەڵگە

3- بەکۆمەڵایەتیبوون و سووڕی ژیان

4- کردەی بەرامبەری کۆمەڵایەتییانە و ژیانی ڕۆژانە

5- هاودەنگی و لادان

6- جۆری ڕەگەز و ئارەزووە سێکسییەکان

بەشی سێیەم: پێکهاتەکانی دەسەڵات

7- چینبەندی و پێکهاتەی چینایەتی

8- نەتەوایەتی و ڕەگەز

9- گرووپەکان و ڕێکخراوەکان

10- سیاسەت، حکوومەت و دەوڵەت

11- شەڕ و سوپا

بەشی چوارەم: دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان

12- خزمایەتی، هاوسەرگیری و خێزان

13- پەروەردە و فێرکردن، پەیوەندییەکان و میدیاکان

14- ئایین

15- کار و ژیانی ئابووری

بەشی پێنجەم: گۆرانکاری کۆمەڵایەتی لە جیهانی ئەمڕۆیدا

16- بەجیهانیبوونی ژیانی کۆمەڵایەتی

17- شارنشینیی ئەمڕۆیی

18- دانیشتووان، تەندروستی و بەساڵاچوون

19- شۆڕشەکان و بزاڤەکانی کۆمەڵایەتی

20- گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان ڕابردوو- ئیستا و داهاتوو

بەشی شەشەم: میتۆدەکان و بیرۆکەکان لە کۆمەڵناسیدا

21- کارکردن لەگەڵ کۆمەڵناسی: میتۆدەکانی لێکۆڵینەوە

22- سەرهەڵدان و پەرەسەندنی تیۆریی کۆمەڵناسی

بەشی حەوتەم و کۆتایی: پاشکۆ و فەرهەنگۆک

وەرگێڕانی کوردی:

ئەنتۆنی گیدنز، کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی: حەسەن ئەحمەد مستەفا، هەولێر: چاپخانەی ئاراس، 2009.

**لینکی کتێبی کۆمەڵناسی  بە زمانی ئینگلیزی**

https://ia800206.us.archive.org/15/items/Sociology_6_edition/Sociology_6_edition.pdf

**بەشێك لە بەرهەمە ناودارەکانی ئەنتۆنی گیدنز:**

1. Giddens, Anthony (1971)Capitalism and Modern Social Theory. An Analysis of the writings of Marx, Durkheim and Max Weber. Cambridge: Cambridge University Press.
2. Giddens, Anthony (1973) The Class Structure of the Advanced Societies. London: Hutchinson.
3. Giddens, Anthony (1976) Functionalism: apres la lutte,Social Research, 43, 325-66>
4. Giddens, Anthony (1976) New Rules of Sociological Method: a Positive Critique of interpretative Sociologies. London: Hutchinson.
5. Giddens, Anthony (1977) Studies in Social and Political Theory. London: Hutchinson.
6. Giddens, Anthony (1978) Durkheim. London:Fontana Modern Masters.
7. Giddens, Anthony (1979) Central problems in Social Theory: Action, Structure and Contradiction in Social Analysis. London: Macmillan.
8. Giddens, Anthony (1981) A Contemporary Critique of Historical Materialism. Vol. 1. Power, Property and the State. London: Macmillan.
9. Giddens, Anthony (1982) Sociology: a Brief but Critical Introduction. London: Macmillan.
10. Giddens, Anthony (1982) Profiles and Critiques in Social Theory. London: Macmillan.
11. Giddens, Anthony & Mackenzie, Gavin (Eds.) (1982) Social Class and the Division of Labour. Essays in Honour of Ilya Neustadt. Cambridge: Cambridge University Press.
12. Giddens, Anthony (1984) The Constitution of Society. Outline of the Theory of Structuration. Cambridge: Polity (publisher).
13. Giddens, Anthony (1985) A Contemporary Critique of Historical Materialism. Vol. 2. The Nation State and Violence. Cambridge:Polity.
14. Giddens, Anthony (1990) The Consequences of Modernity. Cambridge:Polity.
15. Giddens, Anthony (1991) Modernity and Self-Identity. Self and Society in the Late Modern Age. Cambridge:Polity.
16. Giddens, Anthony (1992) The Transformation of Intimacy: Sexuality, Love and Eroticism in Modern Societies. Cambridge:Polity.
17. Beck, Ulrich & Giddens, Anthony & Lash, Scott (1994) Reflexive Modernization. Politics, Tradition and Aesthetics in the Modern Social Order. Cambridge:Polity.
18. Giddens, Anthony (1994) Beyond Left and Right — the Future of Radical

Politics. Cambridge:Polity.
19. Giddens, Anthony (1995) Politics, Sociology and Social Theory: Encounters with Classical and Contemporary Social Thought. Cambridge:Polity.
20. Giddens, Anthony (1996) In Defence of Sociology. Cambridge:Polity.
21. Giddens, Anthony (1996) Durkheim on Politics and the State. Cambridge:Polity.
22. Giddens, Anthony (1998) The Third Way. The Renewal of Social Democracy. Cambridge:Polity.
23. Giddens, Anthony (1999) Runaway World: How Globalization is Reshaping Our Lives. London: Profile.
24. Hutton, Will & Giddens, Anthony (Eds.) (2000) On The Edge. Living with Global Capitalism. London: Vintage.
25. Giddens, Anthony (2000) The Third Way and Its Critics. Cambridge:Polity.
26. Giddens, Anthony (2000) Runaway World. London: Routledge.
27. Giddens, Anthony (Ed.) (2001) The Global Third Way Debate. Cambridge: Polity.
28. Giddens, Anthony (2002) Where Now for New Labour? Cambridge:Polity (publisher).
29. Giddens, Anthony (Ed.) (2003) The Progressive Manifesto. New Ideas for the Centre-Left. Cambridge:Polity.
30. Giddens, Anthony (Ed.) (2005) The New Egalitarianism Cambridge:Polity.
31. Giddens, Anthony (2006) Sociology (Fifth Edition). Cambridge:Polity.
32. Giddens, Anthony (2007) Europe In The Global Age. Cambridge: Polity
33. Giddens, Anthony (2007) Over to You, Mr Brown – How Labour Can Win Again. Cambridge:Polity.
34. Giddens, Anthony (2009) The Politics of Climate Change. Cambridge: Polity
35. Giddens, Anthony (2009) Sociology (Sixth Edition). Cambridge,Policy Network : Polity.
36. Giddens, Anthony (2013) Sociology (Seventh Edition). Cambridge:Polity.